# بۆ بەردەم وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**سالار بابەشێخ**



بیگۆمان لە سەرلەبەری ئەم جیهانە پان و بەرینەداو لە زۆربەی ولأتانی پێگەیشتووی دنیا، پەروەردەو لە سەرووی هەموویانەوە قوتابی و مامۆستا، رۆڵێکی هەرە مەزنیان لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی و بە پیشەیی کردنی ولأتەکەیاندا هەیەو هەر حکومەتێکیش حیسابی تایبەتییان بۆ دەکات، بەلأم بە داخەوە لە ولأتی ئێمەدا لە جیاتی ئەوەی مامۆستا چەکی سپیی بانکی پێبدرێ، یان لانیکەم هەموو پێداویستییە سەرتاییەکانی ژیان و بژیوی رۆژانەی بۆ دابین بکرێت، لە کەمترین مافەکانیشی بێبەش کراوە و تەنانەت کرێی هاتووچۆیان بۆ دابین ناکرێت!!

لە کۆمەڵگەی سێبیران هەتا هەنووکە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی، مامۆستایان نییە و مامۆستایان ناتوانن هەموو رۆژێك لە سەر حیسابی خۆیان لە پۆلەکانیان ئامادە بن و وانە بڵێنەوە، ئەمەش تەنها گرفتی کۆمەڵگەیەك یان شارۆچکەیەك نییە، بەڵکوو هەزاران شوێنی تر هەن کە کێشەوگرفتی هاوشێوەیان هەیەو هەتا ئێستا چارەسەر نەکراون.

بەڕێزانی کار بەدەست لە وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەندیدار دەبێت ئەوە بزانن کە هەموو مامۆستایەك، قوتابخانەکەی لە تەنیشت خانووەکەیدا نییە، هەتا کرێی هاتووچۆی رۆژانەی لەسەر نەبێت و بە مووچەیەکی زۆر کەم، گرانترین ئەرکی سەر شانی مرۆڤایەتی راپەڕێنێ... کە پەروەردەی نەوەکانی داهاتووە.

کەس نییە لەم ولأتەی ئێمەدا کە ئاگای لە نرخی سووتەمەنی و هۆکاری گرانی کرێی هاتووچۆکان نەبێت، گومانیشم نییە خودی بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەگەر تەنها جارێك ببێتە سەرنشینی تەکسییەك یان بە نەفرات سەردانی گوندێك بکات، دەتوانێت حیسابی بکات کە مامۆستایەك، چ رێژەیەکی نزیك بە گشتیی لە مووچەکەی، دەبێت بۆ کرێی هاتووچۆی تەرخان بکات!!

گرانی نرخی کرێی هاتووچۆ تەنها لە سەر چینی کەمدەرامەت بارگرانی دەکات و هەندێك لە قوتابیانیش ناچارن بۆ خۆ دەرباز کردن لە گرانی کرێی هاتووچۆ ببنە سەرنشینی "کەروعەرەبانە"!!! ئایا وەزارەتی پەروەردە ئاوڕێك لەم قوتابییە هەژارنە و ئەو هەموو مامۆستا بەڕێز و کەمدەرامەتە دەداتەوە؟ ئایا بەوە رازی دەبێت کە مامۆتایانیش بە عەرەبانەی لەمجۆرە بڕۆنە قوتابخانەکانیان یان کێشەی هاتووچۆیان بۆ چارەسەر دەکات؟ وەلأمی ئەم پرسیارانە لە لای کاربەدەستان و لایەنی پەیوەندیدارە؟

**تێبینی: ئەم بابەتە لە لاپەڕەی 7ی ژمارە 314ی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت لە رێکەوتی 2007/10/21 بلأو بۆتەوە.**

Dengekan